# کۆتایی

له کۆتایی توێژینەوەکەمان له ژێر ناونیشانی (ڕێکخستنی یاسایی ڕێڕەوی ئاویی سیروان ـ دیاله ـ لەبەر ڕۆشنایی یاسای نێودەوڵەتی گشتی) گەیشتینه کۆمەڵێك ئەنجام و ڕاسپارده، که بەجۆرەی خوارەوه دەیانخەینەڕوو:

**یەکەم/ ئەنجامەکان:**

**١) بەپێی پێناسەی نوێی ڕێڕەوه ئاوییه نێودەوڵەتییەکان، که له ڕێککەوتننامەی بەکارهێنانی ڕێڕەوه ئاوییه نێودەوڵەتییەکان بۆ مەبەستی ناکەشتیرانی ساڵی ١٩٩٧ داهاتووه، ڕێڕەوی ئاویی سیروان ڕێڕەوێکی ئاویی نێودەوڵەتییه و هەموو یاسا و ڕێساکانی تایبەت بەو ڕێڕەوانه دەیگرێتەوه.**

**٢) هەوڵەکانی ئێران بۆ بەکارهێنانی زێدەڕۆیانه و ئەنجامدانی پرۆژەی جۆراوجۆر لەسەر ڕێڕەوی ئاویی سیروان، به بێ ڕەزامەندیی عێراق، پێچەوانەی ڕێساکانی یاسای نێودەوڵەتی گشتی و لەوانەش ڕێککەوتننامه نێودەوڵەتی و دووقۆڵییەکانی نێوان هەردوو وڵات، نەریتی نێودەوڵەتی، بنەما گشتییەکانی یاسا و بنەماکانی داد و ئینسافن، چونکه ئەم پرۆژانه زیان به ماف و بەرژەوەندییەکانی عێراق دەگەیەنن، لەوانەش پرۆژەکانی کشتوکاڵ، ژینگه، ژیانی دانیشتووان و...هتد.**

**٣) پرۆژەکانی ئێران لەسەر ڕێڕەوی ئاویی سیروان بەرنامه بۆ داڕێژراون و له ژێر ڕۆشنایی یاسای گەشەپێدانی چوارەم و پێنجەمی ئەو وڵاته بەڕێوه دەچن، که ئامانجی گواستنەوەی تەواوی ئاوی ئەو ڕێڕەوەیه بۆ ناو خاکی ئێران، که ئەمەش مەترسی هەنووکەیی و ئایندەیی لەسەر ئاسایشی ئاویی و پرۆژەکانی گەشەکردنی عێراق هەیه. هەروا ئێران ئاوی ئەم ڕێڕەوه، وەك کارتی گوشار بەکار دەهێنێ بۆ بەرزکردنەوەی توانا جیۆپۆلیتیکییەکانی خۆی بەرامبەر به عێراق.**

٤) بەپێی ئاراستەی باو لە یاسای نێودەوڵەتی گشتی هاوچەرخ، هەموو دەوڵەتانی ڕێڕەوی ئاویی نێودەوڵەتی، هاوبەشن لەم ڕێڕەوانەدا و هیچ دەوڵەتێك ناتوانێ بە تەنها دەست بەسەر ئەم ڕێڕەوانەدا بگرێ، هەروا هەر یەك لەو دەوڵەتانە، بەپێی پێویستی و بارودۆخی پەیوەست بە ڕێڕەوی ئاویی، مافیان هەیە لە دابەشکردنی قازانجەکانی ئەم ڕێڕەوانەدا.

٥) ئاراستەی باو لە یاسای نێودەوڵەتی گشتی هاوچەرخ، دەوڵەتان هان دەدات بۆ هاوکاریی کردنی یەکتر وکاری هاوبەش لە بواری ڕێڕەوە ئاوییە نێودەوڵەتییەکان، بەپێی بنەماکانی دراوسێتی باش، نیازپاکی، بەکارهێنانی دادگەرانە و گونجاو، نەگەیاندنی زیانی بایەخدار، زێدەڕۆیی نەکردن لە بەکارهێنانی ماف، دانان بە مافی وەدەستهاتوو بۆ دەوڵەتانی ڕێڕەوی ئاویی و قەرەبووکردنەوەی لایەنی زیانمەند.

٦) ڕێککەوتننامەی بەکارهێنانی ڕێڕەوە ئاوییە نێودەوڵەتییەکان بۆ مەبەستی ناکەشتیرانی ساڵی ١٩٩٧، ڕێککەوتنێکی چوارچێوەییە، کە کۆمەڵێك بنەمای یاسایی گشتی داناوە بۆ کەڵك وەرگرتن لەم ڕێڕەوانە، وەك کەڵك وەرگرتنی دادگەرانە و گونجاو، نەگەیاندنی زیانی بایەخدار بە دەوڵەتانی ڕێڕەو، هاوکاریی لە نێوان دەوڵەتانی ڕێڕەوی ئاویی و ئاگادارکردنەوەی یەکتر لە پرۆژەکان و نەهێشتنی زیانەکان یا قەرەبووکردنەوە لە کاتی ڕوودانی زیان.

٧) هەر دەوڵەتێکی ڕێڕەوی ئاویی، مافی بەکارهێنانی ڕێڕەوەکەی هەیە لە ناو هەرێمی خۆی، بەو مەرجەی ئەو کۆتوبەندانە ڕەچاو بکات، کە یاسای نێودەوڵەتی دەیسەپێنێ و ڕێز لە مافی دەوڵەتانی دیکەی ڕێڕەوی ئاویی بگرێت.

٨) ڕێککەوتننامەی کەڵك وەرگرتن لە ئاوی ڕێڕەوە ئاوییە سنوورییەکان لە نێوان عێراق و ئێران ساڵی ١٩٧٥ و ڕێککەوتننامەی بەکارهێنانی ڕێڕەوە ئاوییە نێودەوڵەتییەکان بۆ مەبەستی ناکەشتیرانی ساڵی ١٩٩٧، نەریتی نێودەوڵەتی، بنەما گشتییەکانی یاسا و بنەماکانی داد و ئینساف، مافەکانی عێراق لە ڕێڕەوی ئاویی سیروان دەسەلمێنن. عێراق دەتوانێ لەسەر بنەمای ئەو ڕێککەوتنانە داوای مافەکانی خۆی بکات و داکۆکییان لێ بکات.

**٩) عێراق و ئێران دەتوانن بۆ چارەسەرکردنی کێشە و ناکۆکییەکانی تایبەت بە ڕێڕەوی ئاویی سیروان بە شێوازی ئاشتیانە، سوود لەو ئامرازانە وەربگرن، کە لە بەندی (٦) ی پەیماننامەی سنووری نێودەوڵەتی و دراوسێتی باش لە ساڵی ١٩٧٥ داهاتووە، کە بریتین لە دانوستانی ڕاستەوخۆ، هەوڵی چاکەخوازیی و ناوبژیکاریی، یا خود کەڵك لە هەر ئامرازێکی چارەسەرکردنی ئاشتیانەی دیکە وەربگرن، کە لە بنەماکانی یاسای نێودەوڵەتی گشتیدا هاتوون.**

**١٠) ئێران بە شێوەیەکی تاکڕەوانە و یەکلایەنە هەڵسوکەوت لە گەڵ ڕێڕەوی ئاویی سیرواندا دەکات. هەروا بەپێی ڕێسا یاساییە ڕێککەوتوو و نارێککەوتووەکان، ئێران پابەندییە نێودەوڵەتییەکانی خۆی لەم ڕێڕەوە بە جێ نەگەیاندووە وەك زێدەڕۆیی لە بەکارهێنانی ماف، گەیاندنی زیانی بایەخدار بە عێراق، ڕێز نەگرتن لە بنەماکانی دراوسێتی باش، نیازپاکی، مافی وەدەستهاتوو و...هتد، کە ئەمەش بەرپرسیارێتی نێودەوڵەتی دەخاتە ئەستۆی ئەو وڵاتە. لە بەرامبەردا بە گوێرەی هەمان ئەو ڕێسایانە، عێراق دەتوانێ بۆ پاراستنی مافەکانی خۆی لەم ڕێڕەوەدا، داوای وەستاندنی ئەو پێشێلکارییانە بکات یا داوای گەڕاندنەوەی ڕاستینە بکات یا ڕێوشوێنی دژبەر بگرێتەبەر یا خود داوای قەرەبووکردنەوەی دارایی بکات.**

**١١) دەوڵەتانی ڕێڕەوی ئاویی نێودەوڵەتی، بۆیان نیە هەڵسن بە کرداری تاکڕەوانە لەسەر ئەو ڕێڕەوانە بەجۆرێك، کە ببێتە هۆی دەستدرێژیی کردن بۆ سەر مافی دەوڵەتانی دیکەی ڕێڕەو، یا خود هەڵسن بە گرتنەوەی ئاوەکەی بە یەکجاریی یا گۆڕینی ڕێڕەوەکەی یا ئەنجامدانی پرۆژە بە بێ ڕەزامەندیی و ڕاوێژ لە گەڵ دەوڵەتانی دیکەی ڕێڕەوی ئاویی.**

**١٢) دەوڵەتانی ڕێڕەوی ئاویی لەسەریانە، ژینگەی سروشتی ڕێڕەوی ئاویی نێودەوڵەتی بپارێزن، هەوڵی پەرەپێدانی سەرچاوەکانی بدەن و هەموو ڕێکارێك بگرنە بەر بۆ قەدەغەکردن و نەهێشتنی پیسبوونی ئەم ڕێڕەوانە.**

**١٣) هەر دەوڵەتێکی ڕێڕەوی ئاویی بۆی هەیە، دژی ئەو شێوازانەی بەکارهێنانی ڕێڕەوی ئاویی نێودەوڵەتی یا ئەو پرۆژانە بوەستێتەوە، کە لە لایەن**

**یەکێك لە دەوڵەتانی ڕێڕەو ئەنجام دەدرێ و لە ئێستا و داهاتوودا، زیان بە ماف و بەرژەوەندییەکانی دەگەیەنێ.**

**١٤) گەشەکردنی بەکارهێنانی ڕێڕەوە ئاوییە نێودەوڵەتییەکان لە بواری ناکەشتیڕانی لەم سەردەمەدا، بووەتە هۆی سەرهەڵدانی ناکۆکی و کێشەی زیاتر لە نێوان دەوڵەتان، ئەمەش بووەتە هۆی گرنگی پێدانی زیاتری یاسای نێودەوڵەتی گشتی بەم بوارە.**

**١٥) لە ناو تیۆرییە یاسازانییەکان بۆ کەڵك وەرگرتن لە ڕێڕەوە ئاوییە نێودەوڵەتییەکان، تیۆریی قازانجە هاوتەرییەکان بە گونجاوتر و باشتر دەزانین بۆ پیادەکردنی لەسەر ڕێڕەوە ئاوییەکانی نێوان هەردوو وڵات و لەوانەش سیروان، چونکە ماف و بەرژەوندییەکانی هەردوولا دەپارێزێ.**

**١٦) کێشەی ڕێڕەوە ئاوییە نێودەوڵەتییەکانی نێوان عێراق و ئێران، ڕەگوریشەیەکی مێژوویی هەیە و بەشێك بووە لە کێشە سنوورییەکانی نێوان هەردوو وڵات و ئێران ئەم ڕووبارانە وەك کارتی گوشار بەکار دەهێنێ دژ بە عێراق.**

**١٧) لە کاتی ئێستادا دانوستان لە نێوان عێراق و ئێران هەیە لەسەر ڕێڕەوە ئاوییە نێودەوڵەتییەکان و لەوانەش سیروان، بەڵام تاکوو ئێستا نەگەیشتۆتە هیچ ئەنجامێکی دیار و هەست پێکراو و ناکۆکی لەسەر ڕێڕەوی ئاویی سیروان هەر بەردەوامە. هەروا ئێران لە دانوستانەکانیدا لە گەڵ عێراق سیاسەتی دواخستن و دەستی پێکردن پەیڕەو دەکات.**

## دووەم/ ڕاسپاردەکان:

**١) واباشە هاوئاهەنگی و لێك گەیشتن لە نێوان عێراق و ئێران بێتەئاراوە و بۆ ئەم مەبەستە ڕێککەوتنێکی نوێی تایبەت بە ڕێڕەوە ئاوییە نێودەوڵەتییەکان (لە نێویشیاندا سیروان) گرێ بدەن، کە لە گەڵ پێداویستی و پێشکەوتنە نوێیەکانی ئەم سەردەمەدا بگونجێ. هەروا پشکی هەردوو وڵات لە ئاوی ئەم ڕێڕەوانە، بە شێوەیەکی دادگەرانە و گونجاو و بەپێی ڕێساکانی یاسای نێودەوڵەتی دیاریی بکرێن. جگە لەمەش پێشنیار دەکەین بۆ بەڕێوەبردنی باشتری ئەو**

**ڕێڕەوانە، وا گونجاوە بۆ هەریەکەیان کۆمیسیۆنێکی بەڕێوەبردنی هاوبەش دروست بکرێت.**

**٢) بەپێی هەلومەرجی نوێی پەیوەندییەکانی نێوان هەردوو وڵات، پێداچوونەوە لەسەر ڕێککەوتننامەی ئەلجەزایری ساڵی ١٩٧٥دا بکرێت و کێشە سنوورییەکانی نێوان هەردوو وڵات بە زووترین کات چارەسەر بکرێن. بەجۆرێك، کە ماف و بەرژەوندییەکانی هەردوولا بپارێزێت و ئاشتی و ئارامی و خۆشگوزەرانی بۆ هاوڵاتیانی هەردوو وڵات دەستەبەر بکات.**

**٣) واباشە عێراق هەموو ئامرازەکانی گوشاری هەرێمی و نێودەوڵەتی بەکار بهێنێ، بۆ ئەوەی ئێران ناچار بکات واز لە دەستدرێژییەکانی بهێنێ بۆ سەر مافەکانی عێراق لە ڕێڕەوە ئاوییە نێودەوڵەتییەکان و لەوانەش سیروان.**

**٤) کاراکردنی دیپلۆماسی ئاو لەسەر ئاستی هەرێمی و نێودەوڵەتی و پەنابردنە بەر نەتەوە یەکگرتووەکان، لەوانەش کۆمەڵەی گشتی و ئەنجومەنی مافی مرۆڤ بۆ سەیرکردنی سەرپێچییەکانی ئێران دەرهەق بە چارتی نەتەوە یەکگرتووەکان و یاسای نێودەوڵەتی گشتی بۆ دەستەبەرکرنی مافەکانی عێراق لە ڕێڕەوە ئاوییە نێودەوڵەتییەکان و لە نێویشیاندا ڕێڕەوی ئاویی سیروان.**

**٥) لە باڵوێزخانەکانی عێراق لە دەرەوە، بە تایبەت لە وڵاتانی دراوسێی وەك ئێران، تورکیا و سوریا، پاشکۆی ئاویی (الملحق المائي) دابنرێ، بۆ چاودێریی کردنی وردی ڕەوشی ڕێڕەوە ئاوییە نێودەوڵەتییە هاوبەشەکان لە نێوان عێراق و ئەو وڵاتانەدا.**

**٦) هاوشێوەی دادگای نێودەوڵەتی تایبەت بە دەریاکان، دادگایەکی نێودەوڵەتی تایبەت بە ڕێڕەوە ئاوییە نێودەوڵەتییەکان سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان دابمەزرێت، بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشە و ناکۆکییانەی کە لەم بوارە لە نێوان دەوڵەتاندا سەرهەڵدەدەن.**

**٧) واباشە عێراق چارەسەرکردنی کێشەی ڕێڕەوە ئاوییە نێودەوڵەتییەکان و لەوانەش ڕێڕەوی ئاویی سیروان، بخاتە ناو کارنامەی کاری پەیوەندییەکانی لە گەڵ ئێران و واژۆکردنی هەر جۆرە ڕێککەوتنێك لە گەڵ ئەو وڵاتە، ببەستێتەوە بە چارەسەرکردنی خێرا و دادپەروەرانەی ئەم کێشەیە.**

**٨) عێراق هەوڵ بدات بۆ ئەنجامدانی هەڵمەتێکی نێودەوڵەتی بەرفراوان، بۆ پەسندکردنی ڕێککەوتننامەی بەکارهێنانی ڕێڕەوە ئاوییە نێودەوڵەتییەکان بۆ مەبەستی ناکەشتیرانی ساڵی ١٩٩٧، لە لایەن زۆرترین ژمارەی دەوڵەتانی جیهان بۆ ئەوەی بگاتە ڕێژەی یاسایی بۆ بەرکاربوونی ئەو ڕێککەوتننامەیە.**

**٩) هەوڵ بدرێ بۆ چالاك کردنی هاوکارییە هەرێمییەکان لە بواری ڕێڕەوە ئاوییە نێودەوڵەتییەکان لە چوارچێوەی ولاتانی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاستدا، بە مەبەستی گەیشتن بە ڕێککەوتنێکی هەرێمیی لەم بوارەدا. هەروا دانانی دەستەیەکی سەرپەرشتی هەرێمیی بۆ بەڕێوەبردنی ڕێڕەوە ئاوییە نێودەوڵەتییەکانی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست و چارەسەرکردنی ئەو کێشانەی کە لەم بارەیەوە روو دەدەن.**

**١٠) هەوڵ بدرێ بۆ پەرەپێدانی توانا زانستی و تەکنیکییەکانی عێراق، پێگەیاندنی پسپۆڕان و شارەزایانی یاسایی لە بواری ڕێڕەوە ئاوییە نێودەوڵەتییەکان و گرنگیدان بە توێژینەوەی یاسایی لەم بوارەدا. هەروا بەشداریی چالاك لە کونگرە و کونفرانسە نێودەوڵەتی و هەرێمییەکانی تایبەت بە ڕێڕەوە ئاوییە نێودەوڵەتییەکان و دروستکردنی ناوەندی زانیارییەکانی تایبەت بە ئاو و بەکارهێنانی تەکنۆلوجیای سیستەمی زانیاریی جوگرافی (GIS)و مانگە دەستکردەکان لەم بوارەدا.**

**١١) پلاندانان بۆ داڕشتن و بەڕێوەبردنی سیاسەتێکی ئاویی زانستیانە و پێشکەوتوو، دروستکردنی بەنداوی نوێ و بەرزکردنەوەی توانای بەنداوەکانی عێراق و دامودەزگا ئاوییەکان، نوێکردنەوەی سیاسەتی کشتوکاڵی عێراق، نوێکردنەوی تۆڕەکانی ئاودێریی و ئاوی خواردنەوە و بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاریی هاولاتیان لە بواری بەکارهێنان و پاراستنی سەرچاوە ئاوییەکاندا.**

**١٢) دەستەیەکی بالای تایبەت بە ڕێڕەوە ئاوییە نێودەوڵەتییەکان لە عێراق دابمەزرێت، بۆ ئەنجامدانی توێژینەوە و بەدواداچوونی ناکۆکی و کێشەی ئەم ڕێڕەوانە لە گەڵ ئێران، تورکیا و سووریا. هەروا چاودێریی کردنی هەموو بابەتێکی پەیوەندیدار بەم بوارە لە رووی یاسایی و تەکنیکی و ئەو گۆڕانکارییانەی، کە لەم بارەیەوە لە جیهاندا روودەدەن.**

١٣) ئەگەر هات و عێراق لە ناكۆكییەكانی لە گەڵ ئێران، سەبارەت بە ڕێڕەوە ئاوییە نێودەوڵەتییەكان و لەوانەش سیروان، پاش گرتنەبەری هەموو ئامرازەكانی چارەسەركردنی ئاشتیانە نەگەیشتە ئەنجام، ئەوا ڕاسپاردە دەكەین بە پێی بەندی (٣٧/ ب ١) لە جاڕنامەی (UN)كێشەكە بخاتە بەردەم ئەنجومەنی ئاسایش.

١٤) ئەو دامودەزگا و كارگانەی كە لەسەر ڕێڕەوی ئاویی سیروان هەڵكەوتوون و لە ناو خاكی عێراقدان، بە تایبەت كارگەكانی شوشتنەوەی چەو و لم، پابەند بكرێن بەوەی كە پاشەڕۆی پیشەسازیی و ئاوە پیسەكانیان نەڕژێننە ناو ئەم ڕێڕەوە، هەروا پابەند بكرێن بەوەی، كە پێكهاتەی سروشتی ڕووبارەكە تێك نەدەن و زیانی پێ نەگەیەنن.

١٥) هەوڵدان بۆ گەشەپێدانی سەرچاوە ئاوییە ناكلاسیكییەكان وەك كۆكردنەوەی باراناو، خاوێن كردنەوە ئاوی پاشەڕۆ و كەڵك وەرگرتن لە تەكنۆلوجیای پیتاندنی هەورەكان، كە دەتوانێ تا (٢٠٪) ڕێژەی باران بارین زیاتر بكات. بەسەرنجدان بەوەی، كە هەرێمی كوردستان، ڕێڕەوی تێپەڕبوونی گەردەلوولی B (Cyclone B) ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستە، كە لە وەرزەكانی پایز و زستان دەبێتە هۆی بارینێكی بەرچاو لە هەرێمی كوردستان و باكووری ئێران. عێراق دەتوانێ بە كەڵك وەرگرتن لە تەكنۆلوجیای پیتاندنی هەورەكان، جگە لە زیادكردنی ڕێژەی باران بارین لە وڵاتەكەی خۆی، ڕێژەی ئەو شێیە كەم بكاتەوە، كە دەچێتە ناو ئێران و ئەمەش دەبێتە هۆی كەمبونی بارینی باران لەو وڵاتە و دەكرێ ئەم شێوازە وەك كارتێكی گوشار دژ بە ئێران بە كار بێت.

١٦) سەیركردنی ڕێڕەوە ئاوییە نێودەوڵەتییەكان وەك سەرچاوەیەكی مرۆیی و كەلتووریی هاوبەش و ئامرازێك بۆ پەرەپێدانی هاوكاریی پتر لە نێوان هەردوو وڵات. بەجۆرێك، كە ئاو بكرێتە كەرەستەیەك بۆ دەست لەملانێكردن نەك سەرچاوەیەك بۆ ململانێكردن. هەروا كێشە و ناكۆكییەكانی تایبەت بە ئاو نەبەسترێت بە ڕووداو و هەڵوێستە سیاسییەكانەوە و كەڵك لە خاڵە هاوبەشەكانی وەك ئایین و مێژووی هاوبەش و پێكهاتەی كۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیریی هاوبەش وەربگیرێت بۆ پەرەپێدانی هاوكاریی زیاترلەم بوارەدا.

١٧) واباشە هاوكاریی توند وتۆڵ لەنێوان حكومەتی عێراقی فیدراڵ و حكومەتی هەرێمی كوردستاندا هەبێ، بۆ گرتنەبەری سیاسەتێكی ئاویی یەكگرتوو لە بواری ڕێڕەوە ئاوییە نێودەوڵەتییەكان و لەوانەش سیروان.

١٨) هەردوو وڵات دەتوانن سوود لە ئەزموونی سەركەوتووی وڵاتانی دیكە وەربگرن، بۆ كەڵك وەرگرتن و چارەسەركردنی ناكۆكی لەسەر ڕێڕەوە ئاوییە نێودەوڵەتییەكان.